# The Song of Morrow...Robert Louis Stevenson

## گۆرانی سبەی .... چیرۆکێکی حەکایەت ئامێز : نووسینی ڕۆبەرت لویس ستیڤنسن

## پ.ی.د. محمد عزیز سعید لە ئینگلیزیەوە وەریگێڕاوە

## کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر

دەگێڕنەوە پاشای بە تەمەنی دەنترین کچێکی هەبوو، جوانترین کچی نێوان هەردوو زەریا بوو؛ پرچی وەکوو زێری چنراو بوو، چاوەکانی وەکوو مەلەوانگەکانی ناو ڕووبار بوو؛ پاشا قەڵایەکی لە کانار دەریا دایە، شورفەی هەبوو لەگەڵ ناو ماڵێك لە تاشە بەرد دروست کرابوو، چوار تاوەر هەریەکەی لە سووچێکی قەڵاکە بوو. کچەکەی لەوێ نیشتەجێ بوو و هەر لەوێش گەورەبوو، کچی پاشا گوێ ی نەدەدا بە سبەی و لە دوای خەڵکی ئاسایی دەسەڵاتی بەسەر کات وەستان دا نەبوو.

وارێکەوت ڕۆژێکیان لە کەناری دەریا پیاسەی دەکرد، پاییز بوو، با لەو شوێنانەی بارانی لێ دەباری دەهات؛ لەلایەکەوە دەریا شەپۆلی لێ دەداو لەلایەکەی تری گەڵای مردوو گڕۆڵ دەبوونەوە. ئەو کەنارە چۆاترین کەناری نێوان دوو زەریاکە بوو، وە لە چەرخەکانی پێشوو گەلێ شتی نامۆ لەوێ ڕوویان دابوو. کچی پاشا ئاگای لەو پیرەژنە زۆرزانە بوو کە لە کەناری دەریا دانیشتبوو. کەفی دەریا گەیشتبووە پێ یەکانی و گەڵا مردووەکان لە پشتی کۆببونەوە و پەچەکەی لەکەڵ هەڵکردنی با بە ڕوویدا دەکەوت.

" ئێستا"، کچی پاشا، ناوێکی پیرۆزی هێناو گووتی" ئەوە دڵ ناخۆشترین پیرەژنە لە نێوان ئەم دوو زەریایە."

پیرەژن گووتی" کچی پاشا"، " تۆ لەو خانوە بەردینە دەژی، پرچت وەکوو ئاڵتوون وایە، بزانم تۆ سوودت چیە؟" ژیان درێژ نیە، بەتوانا ناژیت، هەروەکو خەڵکی ئاسایی دەژیت، هیچ زانیارییەکت دەربارەی سبەی نیە و دەسەڵاتت بەسەر کات دا نیە."

کچی پاشا گووتی" زانیاری دەربارەی سبەی، هەمە"، " بەلاّم دەسەلاّت لەسەر کات، نیمە." وە لەگەڵ خۆیدا وورد بووەوە.

ئینجا پیرەژنەکە دەستێکی لە دەستەکەی تری داو وەکوو باڵندەی نەورەسی دەریا پێکەنی. " ماڵ!" کچی پاشا گریا." ئای ، کچی پاشا، ماڵە خانوە بەردەکەت، تەمەنت درێژ بێ، ناتوانی لەخەڵکانی ئاسایی زیاتر بژی." ماڵ، هیلاکی، چەوسانەوە، تا ئەو کاتەی دیاریەکە دێت و تۆ بێ بەش دەکا، تا ئەو کاتەی پیاوێك دێت و بەختەوەرت دەکا."

کچی پاشا هیچ دەنگە دەنگی نکرد، ڕووی وەرگێڕاو بە بێ دەنکی ڕۆیشتە ناو خانوەکەی. کاتێك چووە ژوورەکەی بانگی پەرستارەکەی کرد.

کچی پاشا گووتی" پەرستار"، زانیاری دەربارەی سبەیم بۆ دێ، ئینجا من لە خەڵکی ئاسایی زیاتر ناژیم. پێم بڵێ چی پێویستە بیکەم بۆ ئەوەی دەسەلاّتم بەسەر کات دا هەبێ و بی وەستێنم."

پەرستارەکە هەناسیەکی زۆر ساردی هەڵکێشا. گووتی "زۆر بەداخەوە!"، بەلاّم ئەو شتە دەبێ، بەلاّم زانینت بۆ سبەی ڕۆیشتووە، هیچ چارەیەك دژی ئەو زانینە نیە. بەلاّم ئەگەر وابێ، هەرچەند تۆ بتەوێ؛ هەرچەندە دەسەلاّت

له لاوازی کەمترە، ئەو دەسەڵاتەی تۆ دەت بێ؛ هەرچەندە بیرکردنەوەکەت لە زستان ساردترە، دەبێ تا کۆتایی بیری لێ بکەیتەوە."

ئینجا کچی پاشا لەژێرزەمینی ژوورەکەی دانیشت، بیری لە زانینەکە دەکردەوە. نۆ ساڵ دانیشت، دەریا شەپۆلی لە شورفەی خانووەکە دەدا، نەورەسەکان بە دەوری تاوەرەکاندا دەگریان، ڕەشەبا لە لوولەی دووکەڵی خانووەکە ناڵەی لێوەدەهات. نۆساڵ نەهاتە دەرەوە، هەوای پاکی نەمژی، ئاسمانی خوای نەبینی. نۆساڵ تەماشای ڕاست و چەپی نەکرد، قسەی لەگەڵ کەس نەکرد، بەڵکوو تەنها بیری لە زانینی سبەی دەکردەوە. پەرستارەکە بەبێ دەنگی خواردنی دەدایە، خواردنەکەی بەدەستی چەپی هەڵ دەگرت، بەبێ ووچان دەیخوارد.

گووتی" گوێم لە دەنگی با بوو"، " وەکوو دەنگی شمشاڵ وا بوو."

کچی پاشا گووتی" ڕاستە بەڵام کەم بوو"، " بەڵام ئەو دەنگە بۆ من بەسە."

بە تاریکی چوونە خوارەوە بۆ ناو دەرگاکان، بە لێواری کەناری دەریا. لە لایەکەوە شەپۆلی دەریا لێی دەداو لەلاکەی تریشەوە گەڵا مردووەکان گرۆڵەیان دەکردن وە هەورەکان لە ئاسمان پێش بڕکێ یان دەکرد، وە نەورەسەکان بە پێچەوانەی ئاراستەی خۆر دەفڕین. کاتێك هاتنە ئەو بەشە کەنارەی شتی نامۆی لێ کرابوو، ئای پیرەژن لەوێ یە ، بە پێچەوانەی ئاراستە سەمای دەکرد.

کچی پاشا گووتی" بۆچی پیرەژن، بەپێچەوانەوە سەما دەکەی؟" لەو کەنارە غەمگینە، لەنێوان شەپۆلەکان و گەڵا مردووەکان؟"

پیرەژن، هەناسەیەکی هەڵکێشاو گووتی" گوێم لە دەنگی با بوو وەکوو دەنگی شمشاڵ". " لەبەر ئەوەیە بە پێچەوانە سەما دەکەم. بۆ ئەو دیاریەی تۆ ڕووت دەکاتەوە، وە پیاوەکە دێت و پێویستە بەختەوەرت بکا. بەڵام بۆ من سبەی دێ و کاتی دەسەڵاتیشم دێ."

کچی پاشا گووتی" چۆن دێ بۆلام، پیرەژن"، " تۆ وەکوو پەڕۆ دەلەریەوە، و لە پێش چاووم ڕەنگت زەرد هەڵگەڕاوە وەکوو گەڵای مردوو؟"

پیرەژن گووتی" چونکە سبەی هات هەروەکوو ئەوەی بیرم لێ کردبووەوە لەگەڵ کاتی دەسەڵاتم"، وە لەکاناری دەریا کەوت، چیلکە دارە چوونە ناو یەکەکانی دەریا، تەماشای کەناری دەریای شێواوی دەکرد، تەپووتۆزی خۆڵی دەریا، وەکوو ئەسپێ هەڵی کردبووە سەر جێگاکەی.

کچی پاشای دەنترین گووتی" ئەوە نامۆترین شتە بە نیوان ئەو دوو زەریایەدا دێت."

بەڵام پەرستارەکە بێ دەنگیەکەی شکاند وهەناسەیەکی وەکوو باهۆزی پایز هەڵکێشا. گووتی" من زۆر لەو بایە بێزارم" ئای خوایە، نەفرەتی لەو ڕۆژەی دەکرد.

کچی پاشا ئاگای لە پیاوەکەی کەنار بوو، سەری داپۆشیبوو بۆ ئەوەی کەس تێبینی دەم چاوی نەکا، و شمشاڵەکەش لە ژێر قۆڵی بوو. دەنکی شمشاڵەکەی وەکوو گۆرانی زەردەواڵەکان بوو، وەکوو با وابوو بەناو پووش و پەڵاش دا گۆرانی بڵێ، کە بەگوێ ی خەڵك دا دێ هەروەکوو گریانی نەورەسەکانە .

کچی پاشای دەنترین گووتی " ئایا تۆ میوزیك ژەنەکەی؟"

پیاوەکە گووتی" بەڵێ من میوزیك ژەنەکەم"، ئەمەش شمشاڵەکانن پەکێك بیەوێ گوێ بیستی بێ، وەمن دەسەڵاتم بەسەر کات دا هەیە، و ئەوەش گۆرانی سبەینێ یە." مۆسقای گۆرانی سبەی ژەند، وە درێژ بوو وەکوو ساڵان و پەرستارەکە کە گوێ ی لێبوو گریا.

کچی پاشا گووتی" ڕاستە، وایە" ،" ئەو مۆسیقایە گۆرانی سبەینێ یە، بەلاّم چۆن بزانم تۆ دەسەلاّتت بەسەر کات دا هەیە؟ پەرچوویەك لەو کەنارە نیشان بدە، لە نێوان شەپۆلەکان و گەلا مردووەکان."

پیاوەکە گووتی" لەسەر کێ؟"

کچی پاشا گووتی" ئەوە پەرستارمە، لە دەنگی با زۆر نا ئارام بووە، پەرچوویەکەکی باشم لەسەر ئەو نیشان بدە."

ئای ، پەرستارەکە لە کەنارەکە کەوتبوو، ئەوەندەی دوو مشتە گەلاّی مردووی لێ هاتبوو، وە با بە پێچەوانە لوولی دابوون و هەمان ئەسپێ تێیان ئالأبوو.

کچی پاشای دەنترین گووتی" ئەوە ڕاستە"، "تۆ نێردراوەکەی، وە تۆ دەسەلاّتت بەسەر کات دا هەیە. وەرە لەگەڵم بچین بۆ خانووە بەردینەکەم."

بەم شێوەیە بەکەناری دەریادا ڕۆیشتن ، پیاوەکە مۆسیقای گۆرانی سبەی لێ دا و گەلأکانیش بەدوایان کەوتن.

ئینجا بەیەکەوە دانیشتن؛ دەریا شەبۆلی لە شورفەکە دەدا، و نەورەسەکان بەدەوری تاوەرەکاندا دەگریان، و با ناڵەی لە لوولەی دووکەڵی خانووەکە دەهێنا.

نۆساڵ بەیەکەوە دانیشتن، هەموو ساڵێك کە پایز دادەهات، پیاوەکە دەیگووت "ئەوە کاتەکەیە، و من توانام تێ ی دا هەیە"، کچی پاشا هەموو جارێك دەیگووت" نەخێر، بەلاّم مۆسیقای گۆرانی سبەیم بۆ لێ بدە". ئەویش لێ ی دەدا ، مۆسیقایەکی درێژ وەکوو ساڵ.

دوای تێپەڕ بوونی نۆساڵ، کچی پاشای دەنترین هەستایە سەر پێ ی ، وەکوو یەکێك بە بیری هاتبێتەوە، تەماشای کردە ناو خانووە دروست کراوەکە؛ هەموو خزمەت کارەکان ڕۆیشتبوون؛ تەنها پیاوە شمشاڵ ژەنەکە لەوێ مابوو لە شوورفەکە دانیشتبوو و دەستی لەسەر ڕووی دانابوو، و گەلأکان بەدەوری شورفەکەدا ڕایان دەکرد و دەریاش لە دیوارەکەی دەدا. بەدەنگی بەرز بۆی گریا،" " ئەوە کاتەکەیە، باتەماشای توانەکە لە ناویدا بکەم ". کاتێك بایەکە پەچەکەی لە ڕووی پیاوەکە لادا، هیچ پیاوی لێ نەبوو، تەنها جل و بەرگ و پەچەکە و شمشاڵەکان لەسەریەك لە سووچێکی شورفەکە بلاّو بوو بوونەوە ، و گەلا مردووەکان بەسەریان دا ڕایان دەکرد.

کچی پاشای دەنترین چووبووە ئەو کەنارەی لەچەرخەکانی کۆندا شتی نامۆی لێ کرابوو، و لەوێ دانیشت. کەفی دەریا گەیشتبووە پێ یەکانی، و گەلا مردووەکان لە پشتەوەی کۆ ببونەوە، وە پەچەکەی لەگەڵ هەڵکردنی با کەوتبووە سەر دەم چاوی. کاتێك چاوەکانی بەرز کردەوە، کچی پاشای بینی لە کەنارەکە پیاسە دەکات. قژی وەکوو ئاڵتونی چنراو بوو ، و چاوەکانی وەکوو مەلەوانگە لە ڕووباردا بوون و هیچ زانستی لە سەر سبەی نەبوو، وە هیچ دەسەلاّتی لەسەر کات نەبوو ، دوای خەڵکانی ئاسایی.

گۆرانی سبەی، چیرۆکێکی حەکایەت ئامێزی ئینگلیزیە، ڕۆبەرت لویس بەلفۆر ستیڤنسن نووسیویەتی و لە ساڵی 1914 چاپ کراوە. نووسەر ڕۆمان نووس حەکایەت نووس و شاعیری سکۆتلەندیە. لە 1850/11/13 لە ئەدنبرە-سکۆتلەندا لە دایك بووە. لە 1894/12/3 لەتەمەنی 44 ساڵیە لە ڤایلیما لە وولاّتی ساموا کۆچی دوایی کردوە. لە 2020/4/4 وەرگێر کردوویە بە کوردی.